# سەفەری کرد بۆ حەج کردن بەڵام پێش ئەوەی حەجەکەی بکات وەفاتی کرد

[ kurdish – کوردی – كردي ]


## شێخ موحەمەد ساڵح المنجد

**وەرگێڕانی: عبد السلام محمد پشدەری**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**



2014 - 1435

IslamHouse.com

# سافر إلى الحج ولكنه مات قبل الحج فهل يعتبر حاجاً؟

« باللغة الكردية »


## الشيخ محمد صالح المنجد

ترجمة: عبدالسلام محمد البشدري

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز



2014 - 1435

IslamHouse.com

# سەفەری كرد بۆ حەج كردن بەڵام پێش ئەوەی حەجەكەی بكات وەفاتی كرد

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ماڵپەڕی ئیسلام پرسار و وەلام كرا :

**پرسیار** : پیاوێك نیەتی حەجی هێنا، وە كاتێك ڕۆیشت بۆ حەج، پێش ئەوەی حەجەكەی بكات وەفاتی كرد، وە ئەوەشی هەیبوو هەمووی لە پێناو حەج كردنەكەیدا فرۆشت بوو، ئایا حوكمی ئەم كەسە چیە ؟ وە ئایا بە حاجی دادەنرێت ؟

**وەڵام** : سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودرود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنكەوتوانی هەتا هەتایە .

ئەگەر پیاوێك نیەتی خۆی یەك لایی كردەوە كە حەج ئەنجام بدات، وپاشان وەفاتی كرد، لەو دوو حاڵەت بەدەر نییە، یان ئەوەتانێ لە پێش نیەتی ئیحرام بەستن وەفاتی كردووە، یان ئەوەتانی پاش نیەتی ئیحرام بەستن وەفاتی كردوە .

ئەگەر هاتوو پێش نیەتی ئیحرام بەستن وەفاتی کرد، ئەوە خوای گەورە لەسەر نیەتەکەی پاداشتی دەداتەوە، بەڵام واجبە لەبری ئەو کەسە کەسێکی تر حەجی ئیسلامی بۆ ئەنجام بداتەوە، خۆ ئەگەر لەپاش نەیتی ئیحرام بەستن وەفاتی کرد، ئەوە خێر و پاداشتی حەجەکەی بۆ هەیە، نەك هەر هیندە بەڵکو لە ڕۆژی دواییدا بە حاڵەتیکەوە زیندوو دەکرێتەوە کە خەریکی ووتنەوەی دروشمی ( لبيك اللهم لبيك .... ) دەبێت، لەم حالەتەدا پێویست بەوە ناکات کەسێکی تر حەجی لەبر بکاتەوە .

لەم بارەیەشەوە پرسیار کرا لە شێخ محمد بن صالح العثيمين ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) کەسێك پارە و پوڵی کۆ کردبێتەوە بۆ ئەنجامدانی حەج، بەڵام پێش ئەوەی حەجەکەی بکات وەفاتی کرد .

ئەویش لەوەڵامدا ووتی : ئەو کەسەی کە نیەتی خۆی یەکلایی کردبێتەوە و ئەوەی هەیبوو فرۆشتی بۆ ئەوەی حەجی پێ بکات، بەڵام پێش ئەوەی حەجەکەی بکات مرد و وەفاتی کرد، ئومێدمان وایە کە خوای گەورە ئەجر وپاداشتی حاجیانی بۆ بنوسێت، چونکە نیەتی کارە باشەکەی هێناوە، وە ئەوەشی لە ئەسباب و هۆکار کە پێویست بووە گرتویەتیە بەر، وە هەر کەسیش نیەتی کارێکی هێنا وئەوەی کە لە توانایدا هەبوو بۆ ئەو کارە باشە لە هۆکار وئەسباب گرتیە

بەر ئەوا خوای گەورە پاداشتی ئەو کارە خێرەی بۆ دەنوسێت، خوای گەورەش فەرموویەتی : ﴿ وَمَنْ يُهَاجِرْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ يَجِدْ فِي الأَرْضِ مُرَاغَماً كَثِيراً وَسَعَةً وَمَنْ يَخْرُجْ مِنْ بَيْتِهِ مُهَاجِراً إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ ثُمَّ يُدْرِكْهُ الْمَوْتُ فَقَدْ وَقَعَ أَجْرُهُ عَلَى اللَّهِ ﴾ [ النساء : ١٠٠]. واتا : هەرکەسێك لە پێناو ڕەزامەندی خوای گەورە کۆچی کرد ئەوا لەسەر زەوی ئارامگای باش و شوێنی حەسانەوەی باشی بەدەست دەکەوێت، وە هەرکەسیك لەماڵەکەی چوویە دەرەوە بە نیەتی ئەوەی کۆچ بکات بۆلای خوای گەورە وپیغەمبەرەکەی وپاشان لەڕێگادا مرد و وەفاتی کرد، ئەوا پاداشتەکەی لای خوای گەورەیە .

ئەگەر هاتوو ئەو پیاوە ماڵەکەی فرۆشت بۆ ئەوەی حەجی پێ بکات، چونکە حەج یەکێکە لە فەریزەکانی ئیسلام، ئەوا پاش خۆی بەو پارە وپولەی کە پێکەوەی نابوو بۆ حەج کردنەکەی کەسێکی تر حەجەکەی بۆ دەکات، یان ئەوەتانێ یەکێك لەکەسە نزیکەکانی بەو پارەیە حەجەکەی بۆ بکات، یان کەسێکی تر غەیری ئەوان، عەبدوڵای کوری عەباس ( خوایان لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە کە ئافرەتێك هاتە خزمەت پیغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) و پێی ووت : دایکم لەسەر خۆی نەزر کردبوو کە حەج بکات، بەڵام هەتا مرد حەجی نەکرد، ئایا دەکرێت من حەجی بۆ بکەم ؟

لەوەڵامدا فەرمووی : بەڵێ، ئەمەش لە ساڵی حەجی ماڵ ئاواییدا بوو . ( فتاوى ابن عثيمين ٢٣٢/٢١) .

هەروەها پرسیاری لێکراوە : پیاوێك لە وولاتی خۆیەوە هات بۆ حەج بەلام فرۆکەکەیان کەوتە خوارەوە پێش ئەوەی بگاتە جێ، ئایا ئەو کەسە بە حاجی دادەنرێت ؟

لەوەڵامدا ووتی : ئەگەر هاتوو ئەو کەسەی سەفەری کرد بۆ حەج پێش ئەوەی بگاتە جێ وەفاتی کرد ئەوە بە حاجی دانانرێت، بەڵام خوای گەورە لەسەر نیەتی خێری پاداشتی دەداتەوە، بەڵام ئەگەر هاتوو نیەتی ئیحرام بەستنی هێنا و ئەمجا وەفاتی کرد، ئەوە بە حاجی دادەنرێت، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە بارەی ئەو پیاوەی کە ووشترەکەی لەقەی لێدابوو و وە خستبویە ژێر لەڕۆژی وەستانی عەرەفە فەرمووی : بە ئاو سیدر بیشۆن، وە هەر بەو دوو پارچە قوماشەی بەریەوە کفنی بکەن، وە بۆنی خۆشی لێ مەدەن، و سەری دامەپۆشن، چونکە ئەو لە ڕۆژی دواییدا بە دەم ووتنەوەی ذیکری (لبيك اللهم لبيك ... ) ــەوە زیندوو دەکرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمانی نەکرد بەوەی قەزای حەجەکەی بۆ بکەنەوە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو کەسە حەجەکەی بۆ نووسراوە و واجبی حەجی لەسەر کەوتوە وبەحاجی دادەنرێت ... ( فتاوى ابن عثيمين ٢٥٢/٢١) .